Kurdistan Democrats Party
Political Bureau

حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

No: ژمارە :
Date: \ \2007 بەروار: / / 2007

# پێویستە هەمومان هاودەنگ بین بەرامبەر هەر دەستدرێژیەك دەکرێتە سەرهەرێمی کوردستان

## ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان

بۆ نزیکەی سێ هەفتە دەبێت هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران بە پاساوی بوونی هێزەکانی ( pkk ) و پەژاك دەستیان کردووە بەهەرەشەو گورەشەی لەشکرکێشی و بگرە لەوەش تێپەریوە و لەچەندین شوێنەوە بۆردومانی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆن و تۆپبارانی ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوەو بەو هۆیەشەوە زیانێکی زۆری گیانی و مادی لەهاولاتیانی سەر سنورەکان کەوتومو خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و ماڵ وحاڵی خۆیان جێهێشتووە .

لەبەرامبەریشداحکومەتی عێراقی لەبەغداد چاوپۆشی کردوەو هەڵوێستێکی وەهای دەرنەبڕیوە کەجێگای سەرنج بێت..وتەنها دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵساون بە گوێزانەوەی هەواڵەکان ..

ئێمە لەحزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان وێڕای مەحکوم کردن و ئیدانەکردنی ئەو کارە درندانەیە داوا دەکەین لە هێزەکانی هاوپەیمانان و نەتەوەیەکگرتوەکان و ولآتانی عەرەبی کەبێدەنگ نەبن و نەهێڵن هەرێمی کوردستان ببێتە شوێنی یەکلایی کردنەوەی حساباتی ئەم ولآت و ئەو ولآت لە گەڵ چەکدارەکانی ( pkk ) ..یاخود ئەمەریکاو هاوکێشەکانی ولآتانی دەوروبەری عێراق . کە زیاتر وێرانکردنی کوردستان مەبەستە لەم جۆرە گرفتانەدا نەك یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی خۆیان.

لەهەمان کاتدا ئەو کێشانەی ئەم دوو ولآتە پەلاماری کوردستانیان لەسەر داوە پەیوەندی هەیە بەنەبونی دیموکراسیەت و عەقلیەتی شۆڤێنیانەی حاکمی ئەو ولآتانە و خراپ مامەڵە کردنیان لەگەڵ دۆزی ڕەوای گەلی کوردا , نەك هەرێمی کوردستان کەبە هەڵە پێیان وایە مەترسیەکی گەورە یە بۆسەریان .

باشترین چارەسەری ئەم کێشانە ئەوەیە هەردوو ولآتی دەستدرێژی کەر هەستن بەچارەسەرکردنێکی دیموکراتیانەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لە ولآتەکەیاندا و لەرێگای دانوستان و دیالۆگەوە گرفتەکانیان چارەسەر بکەن نەك بەرێگای لەشکرکێشی و کاولکردنی هەرێمی کوردستان بەبیانووی کۆتایی هێنان بەو هێزانە , هەموان ئەو ڕاستیە دەزانین نە سەردەمەکە سەردەمی جارانەو نە توندو تیژی و جەنگیش ئەو مەسەلانە یەکلای دەکەنەوە .بۆیە جارێکی تریش ئێمەوەك حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان داوا لەجەماوەری کوردستان دەکەین کەبەهەر شێوازێك بۆیان دەلوێ کاربکەن بۆ ڕووبەروبوونەوەی ئەودەستدرێژی و دەستێوەردانەی ئەو دوو ولآتە و وەکو خۆشمان هەردەم ئامادەین سەربازێکی ماندو نەناس بین بۆ هەر قوربانیدان و ڕوبەڕوبوونەوەیەك بەرامبەر دوژمنەکانی هەرێمی کوردستان .. بۆیە ئێمە جارێکی تریش ئەو کارە نائینسانیانە ڕیسواو مەحکوم دەکەین..

م . س

حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان

هەولێر 2007/8/26